# خاڵی دەستپێکردن و یەکگرتن، سەراتاکانن*

بەشی سێیەم

هەژێن
http://www.kurdplanet.net/hezhean/

« دابڕان لە مارکس، هەڵوێستەیەک لەسەر میراتەکانی بەلشەڤیزم » ناوی نووسینێکی هاوڕێ «ماهیر عیسا»یە، هاوڕێ ماهیر لە نووسینەکەیدا، پەردەی لەسەر واقیعیەتێک لاداوە، کە چەپەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، بەردەوام لە هەوڵی نکوڵی لێکردن و پەردەپۆشکردنیدا بوون و هۆی شکستەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەریان تەنیا بۆ دڕندەیی ستالینی بێچارە ــ دڵێم ستالینی بێچارە، چونکە لە مردنی لینیندا، هێندە دۆش دامابوو، تەنیا دەریچەیەک لەبەردەمیدا سوێندخواردن بوو بۆ لینین، کە لە ڕێبازەکەی لانەدا و ئەو شاکارانەی وی داهێنەریان بووە، واتە پارتی بۆلشەڤی و دەوڵەتی تاکپارتی و سیاسەتی ئابووری نوێ یا ئابووری جەنگی (نیپ) بپارێزێت ــ بگێڕنەوە. تەواوی پاشڕەوانی لینین و بۆلشەڤیکەکان، شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە دەستکرد و پلانی لینین و بۆلشەڤیکەکان، دادەنێن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ئاوەژووکردنەوەی مێژووە و لینین و بۆلشەڤیکەکان، وەک کەمایەتییەک لەدوای ڕووداوەکانەوە بوون و فشار و کارایی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر بوو، کە ئەوانی ناچار بە پەیوەستبوون بە ڕەوتی ڕووداوەکانەوە کرد و هەر لەو پەیوەستبوونەشدا دەبینین، سەرەتا داخوازییەکانی کارگەران و وەرزێران و سەربازان لە هەوڵ و خواستەکانی خۆیان دەپێچن و بەمجۆرە کنە دەکەنە ڕیزەکانی جەماوەرەوە. ئەوان کە سەرەتا دوودڵ بوون لەوەی دەستبەرداری چاوەڕوانی لە حکومەتی کاتی بۆرژوازی بن. کاتێک کە دیتیان جەماوەر خەریکی ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی لەبەرامبەر دەسەلاتی بۆرژوازی، لەوانە کۆمیتەی کارخانەکان و بەدەستەوەگرتنی بەڕیوەبەرایەتی کارخانەکان، خرۆشانی وەرزێران و هەوڵیان بۆ دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زاری فیوداڵەکان و دامەزراندنی کۆمۆنە کشتوکاڵییەکان، یاخیبوونی سەربازان و بەجێهێشتنی شەرگەکان و گێرانەوە و دواخستنی کاروانە سەربازییەکان و لەسەروی ئەمانەوە پێکهێنانی سۆڤیەتەکانی کارگەران و سەربازان لە پترۆگراد، ئیتر لە توانای حکومەتی کاتی نائومێدبوون، هیوایان بۆ بەشداری پارلەمان و حکومەتی دیموکراتی وەک باڵە ڕاستەکەی ئەورووپایان ــ مەبەست لە سۆشیال دیموکراتی ڕۆژاوایە ــ نەما و دروشمەکانی جەماوەری خرۆشاویان بۆ دەستەمۆکردنی خودی ئەو جەماوەرە بەکار برد، لەوانە هەموو دەسەلات بۆ سۆڤیەتەکان ــ کە داهێنرا و شاکاری بۆلشەڤیکەکان نییە، وەک چەپەکان پاگەندەی بۆ دەکەن ــ کە پاشان بۆ دەستکۆتاکردنی سۆڤیەتەکان بەکاریان هێنا، بە لەبری دانانی پارت وەک نوێنەری چینی کارگەر و سەندنەوەی بڕیاردان لە سۆڤیەتەکان چ بە دەستەمۆکردنیان چ بە فشاری هەمەلایەنە بۆ سەریان، بە بیانووی جۆراوجۆری باری شەڕاوی نێوخۆ و هێرشی دەرەکی و ئابوری ڕوخاو و چی چیتر..

من بەتەواوی لە گەڵ لێکدانەوەکەی هاوڕێ «ماهیر»م لەمەڕ ئەنتی ئیمپریالیستبوونی بۆلشەڤیککان وەک ڕووسییەک لەبری ئەنتی سەرمایەدارییەک وەک بزووتنەوەی سۆشیالیستی، هەروەها لێکدانەوەی لەمەڕ پارتی بۆلشەڤیک، بەڵام شتێک کە دەمخاتە ناکۆکی لەگەڵ ئەم هاوڕێیە، ئەوەیە کە ئەو تەنیا جۆرێک لە پارت یا سێنترالیزمی دیموکراتیک ڕەتدەکاتەوە، کە بەبڕوای من، ئەوە خودی پارتە وەک ڕێکخستێکی گونجاو بۆ ئەو تێڕوانینانە دەستدەدات، کە لینین لە مارکس دووردەخاتەوە. هەرچەندە من بێجگە لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا، لە شوێنی کەدا بۆچوونی «مارکس»م لەمەڕ پارت نەخوێندۆتەوە و پێشم وایە ئەوەی کە مارکس باسی دەکا، شتێکی جیابێت لە پارتی سیاسی، چونکە ئەو ڕۆژانە هێندە پارتی سیاسی بەناوی پرۆلیتارياوە نەبوون، تا مارکس بڵێ کۆمونیستەکان پارتێکی جیاواز نین لە پارتەکانی تری پرۆلیتاریا، لێرەدا پارت زیاتر بە مانای هەستە و ڕێکخراوەی پیشەیی دێ، تاوەکو بەمانای پارتێک لە جۆری پارتە سۆشیال دیموکراتەکان چ ئەوانەی

بەو ناوەوە مانەوە چ ئەوانەی کە دواتر کۆمونیستیان کردە پاشگری خۆیان. ئەم ناوهێنانەی مارکس لە پارت لە مانیفێستدا دەقاودەق لەو ناوهێنانەی پارت دەچێ، کە موحەمەد لە قورئاندا باسی لیوە دەکات، کە لەو سەردەمەی ئەویشدا هیچ پارت و گروپێکی سیاسی لە ئارادا نەبوون. کەچی دەبینین، پەیرەوانی موحەمەد لەسەر بنچینەکانی پارتی سیاسی، کە دەزگەیەکی چینی سەروەرە بۆ ڕێکخستنی چین و توێژە ستەمدەیدەکان، لەدەرەوەی ناکۆکی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکنیان، پارت دروستدەکەن. ئەگەر لە شوێنێکیشدا مارکس بە درێژی و ئاشکراتر قسەی لە دروستکردنی پارت وەک ئامرازێکی گونجاو بۆ ڕێکخستنی خەباتی پرۆلیتاریا دژ بە سەرمایەداران کردبێت، ئەوا بێشک یەکێکە لە هەڵە بەرچاو و سەلمێنراوەکانی مارکس.

هاوڕێ ماهیر، باس لە هۆکانی جەماوەری نەبوونەوەی مارکسیزم و ڕێگرییەکانی بزووتنەوەکەی، بۆ دابڕان لە مارکسیزم وەک زانستی کۆمەڵایەتی ڕزگاری بەخش دەگێڕێتەوە.

لێرەدا من جارێکیتر خۆم لەبەرامبەر ئەم هاوڕێیەدا دەبینمەوە. لەبەر ئەوەی مارکس وەک سۆشیالیستێک و مارکسیزمیش _ کە بەشبەحاڵی خۆم بە نێونانێکی هەڵەی دەزانم و لە هەوڵی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بۆچوونەکانی مارکس وەک پاڵپشت بۆ ڕاستبوونی بۆچوونەکانی خۆیان بەکار بردووە، بەمجۆرە بە ئایینکردنی تێڕوانینەکانی مارکس، ڕێگەیان بۆ پیرۆزڕاگرتنی خۆیان و خەوشوخەواڵیان خۆشکردووە_ وەک بۆچوون و تێڕوانینگەلێکی سەردەمێکی دیاریکراوی خەباتی چینایەتی کارگەران، لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا دەستیان بۆ نەبراوە، بەڵکو وەک دەقی ئاسمانی و سەروکات (هەمیشەدەم) و سەروجێ (هەموو جێیی)، خراونەتەڕوو، ئەمە هەم بۆ ڕێخۆشکردن بووە بۆ سەپاندنی بۆچونەکانی خۆیان لەناو خەرمانەی پیرۆزی مارکسیزمدا و هەم وەک چەکێک بۆ سەرکوتی هەر تێڕوانین و بۆچوونێکی تازە و ناکۆک بووە لە ڕەوتی خەبات و لەناو بزووتنەوەکەدا، لەژێر سایەی باڵادەستی باڵیکی سیاسی ناو بزووتنەوەکە، کە بارودۆخێکی دیاریکراوی ناوچەیی ئەوەی پێ بەخشیووە.

بەداخەوە هاوڕێ ماهیر، سەرەرای جیاوازی لە لینینستەکان، ئەویش هەر پێ لەسەر ڕێڕەوکردنی بۆچوون و تێڕوانینەکانی مارکس، دادەگرێ و خوازیاری گەرانەوەیە بۆ سەر ئەو ڕێڕەوە، ئەمەش پیچەوانەی ئەو هەوڵەیەیە کە خۆی دەیدات، واتە دەرهاویستنی بزووتنەوەکە لەناو خەرامەنی ئایدیالیزمی لینینستی.

ئەم هاوڕێیەمان لەسەرەتای تەوەرەی یەکەمی نووسینەکەیدا، باس لە دابڕانی چەپ و کۆمونیستەکان لە مارکسیزم و قەیرانێک کە ئەم دابڕانە دروستی کردووە و خۆی لە بۆشایی نێوان بزووتنەوەی چەپ و چینی کارگەردا دەرخستووە، دەکات. منیش ناتوانم نکوڵی لە قەیرانی بزووتنەوەکە بکەم، بەلام بۆشایی نێوان چەپ و چینی کارگەر واقعیەتێکی مێژووییە، چونکە چەپ تەنێکی نامۆیە بە خەباتی چینی کارگەر و شێوازی تێکۆشانی و ئامانج و بەرنامەکانی لەگەڵ خەبات و ئامانجی شۆڕشی چینی کارگەر و ئۆلگووەکانی ئەم چینە، کە لە ڕەوتی خەباتی ڕۆژانەیدا پێیان گەیشتووە، هێندەی جەمسەری باکوور و باشوور لەیەکەوە دوورن. چەپ لەسەرووی هەموویانەوە، پارتە سۆشیالدیموکراتەکان بەراست وچەپیانەوە، لە بۆچوون و تێڕوانینەکانی مارکسدا تەنیا باڵائاوێزانی ئەو هەلانەبوون، کە مارکس کاتی خۆی بەسەریاندا کەوتووە و مێژووی خەبات و ئەزموونەکانی پاش وی، بەڵگەی ئەم سەلماندنی ئەم هەلانەی داوەتەدەستمان، لەوانە پارت وەک ئامرازی خەبات، دەوڵەتی بوونی سۆشیالیزم و قۆناخبەندی کۆمۆنیزم وەک قۆناخی یەکەم کە پێدوایستبوونی حکومەت دەبینێت و قوناخی دووەم واتە کۆمەڵگەی کۆمونیستی، لیرەشەوە بەهێزکردنی گیانی سکتاریستی لەناو کۆمونیستە پەیرەوکەرەکانی خۆیدا، وەک لە ئەنتەرناسیونالی یەکەمدا دەبینین، بە لێکترازان و لاوازبوونی ئەم ناوەندە ئەنتەرناسیونالیستییە تەواو دەبێ و لە ئەنتەرناسیونالی سۆشیالدیموکراتەکان(دووەم)دا، ئەم هەڵەیە تەواو زاق دەبێتەوە و لە کۆمینتێرندا دەگاتە لووتکە و زەمینە بۆ ئەو شتە خۆش دەبێت، کە هاوڕێ ماهیر باسی لێوەدەکات، واتە خاڵیکردنەوەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە ناوەڕۆکە دژە سەرمایەدارییەکەی و

دابەزاندنی تا ئاستی دژە ئیمپریالیزم، کە باشترین ساباتە بو بۆ بزووتنەوە هاوبەرژەوەندییە ناسیونالیستەکان، هاوڕێ ماهیر وتەنی. بەبڕوای من ناسیونالیزمی ڕێکخراو لە سۆشیال‌دیموکراسیدا، ئەوەی بە تێڕوانین و بۆچوونەکانی مارکس‌ەوە دەیبەستەوە، تەنیا پیرۆزکردنی هەڵەکانی مارکس بوو تا ئاستی سێبەرکردنی ئەم هەلانە بەسەر تەواوی بۆچوون و تێڕوانین و پێشبینییەکانی مارکس‌دا. بە واتایەکی‌تر ئەوەی لە ڕوسیە لە سایەی بۆلشەڤیکەکاندا ڕوویدا، دابڕان نەبوو لە سەراپای تێروانینەکانی مارکس، بەڵکو پێداگرتن بوو لەسەر بۆچوونە هەڵەکانی و بە شیواندنی بۆچوونە دروستەکانی وی بوو، وەک لەسەرەوە باسم کرد، بە دەوڵەتکردنی سۆشیالیزم و ئابووری بەرنامەڕێژیکراو و ناوەندێتی بەڕیوەبردن و جێگۆرکێ پیکردنی بزووتنەوەکە بە پارت و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە یەکەکانی پارت، ئەمەش خۆی لە سەرمایەداری دەوڵەتیدا بینییەوە و هەر ئەوەش دەرچوو کە نەیارانی مارکس لە سەردەمی نێونەتەوەیی یەکەمدا پێشبینیانکرد و مارکس‌یان لە هەڵەبوونی ئەو بۆچوونانە ئاگادار کردەوە. بەلام بەداخەوە، هەم بەهۆی ئەزموون نەکردنی ئەو بۆچوونانە لە دەمی ژیانی مارکس‌دا و هەم کارایی ئەوانەی کە لە دەوری مارکس کۆبووبوونەوە لەسەر خۆدی مارکس، ڕێگربوون لە ڕەخسانی بوارێک بۆ دەرکەوتنی ئەو سەرەنجامەی، کە لە ساڵی ١٩١٧دا لە ڕوسیە و پاشان لە ١٩٣٦ لە ئەسپانیادا دووبارەبووەوە و بینیمان کە چۆن پارت نەک ئامرازی خەبات نییە بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی، بەڵکو ئامرازی سەرکوت و بەرتەسککردنەوەی هەر دەستپێشخەرییەکی سۆشیالیستانەی پرۆلیتاریایە و بەربەستێکە بۆ ئەزموونکردنی هەر تێڕوانین و بۆچوونێکی دەرەوەی خۆی، بۆ سۆشیالیزەکردنی کۆمەڵگە. هەروەها بینیمان کە نەک دەوڵەت لەناو ناچی، بەڵکو لە ڕۆژانی یەکەمی ژیاندا، ئەوەی بە بۆرژوازی نەکرابێ، دەگەیێنێتە لووتکە و نەک کۆمەڵگەی چینایەتی هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو باشتر کونوکەلەبەرەکانی پڕەکاتەوە و توندتر بەرهەمهێنەرانەی کۆمەڵگە سەرکوت دەکات و خێراتر شیلەی گیانیان دەمژێ، هەر ئەمەش بوو کە توانابیەکی وای بە بۆرژوازی ڕوسی بەنوێنەرایەتی بۆلشەڤیکەکان بەخشی، لە ماوەیەکی کوردا ببێتە ئەو هێزە سەربازی و ئابوورییەی کە کێبڕکێی زلهێزەکانی تری وەک ئەوروپا و ئەمریکا بکات.

هاوڕێ ماهیر لەتەوەرەی دووەمیشدا، دووبارە تایبەتمەندییەکی ڕێڕەوانە (مەزهەبیانە) بە مارکسیزم واتە تێڕوانین و بۆچوونەکانی مارکس لەمەڕ ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی، دەبەخشێت و هەست بە پێداویستی تێڕوانینی زانستیانە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە خۆی بە زانستی کۆمەڵایەتی ڕزگاری بەخشی ناودەبات. بەڕای من بەمجۆرە ڕوانین لە گرفتەکان و هەوڵدان بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکان، بێ سەرەنجام دەمێنێتەوە، چونکە گرێکوێرەی سەرەکی خودی ڕێڕەوکردنی تێڕوانینەکانی مارکسە، کە گرێکان توندتردەکاتەوە، لەبری خاوکردنەوەیان. ئەورۆکە پێویستمان بە هەڵسەنگاندنەوەی گشت فێرگە هزرییەکانی ناو بزووتنەوەی سۆشیالیستی هەیە، هەر لە سۆشیالیستە سەرەتاییەکانەوە ( ئەوانەی مارکس بە سۆشیالیستە خەیاڵییەکان نێویان دەبا و ئەڵتەرناتیڤی خۆی بە دەوڵەتیکردنی سۆشیالیزم لەبەرامبەریاندا دەخاتەڕوو، کە واقیع دریخست، ئەوە قۆناخبەندییەکانی مارکس بۆ کۆمۆنیزم و توانەوەی پەشمەکیانەی دەوڵەتی کارگەرانە، کە خەیاڵ و ئەستەمە) تا دەگاتە ئەو بۆچوون و تێڕوانینانەی کە ئەورۆکە لەسەرهەڵداندان. ئەمە پێداویستییەکی مێژوویییە، بۆ لەبێژندانی هەوڵەکانمان و جیاکردنەوەی هەڵە و ڕاستییەکان، ئەمەش تەنیا لەبەر ڕۆشنایی خوێندنەوەی واقیعیانەی مێژووی خەباتی چینایەتی و شیکردنەوەی ئەزموونەکان و هەڵهێنجاندنی وانەکانی خەبات، کە بۆخۆی بێ دەستبەرداربوونی ئایدیالیزمی (یستەکان) ئەستەمە بتوانین، تێروانینی دروست و بۆچوونی ئاوەزگیر لەمەڕ ڕووداوەکانی سەردەم و دیاریکردنی شێوازی شۆڕشی سۆشیالیستی و ئۆلگوی کۆمەڵگەی بێ چین و چەوسانەوە و شێوەی ڕێکخستنی ئەو کۆمەڵگەیە و شیوازی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە لەڕەوتی خەباتی نەپساوەی جەماوەریدا، بخەینەڕوو.

لە کۆتاییدا پەیامم بۆ هاوڕێ ماهیر، ئەوەیە، کە من پێموایە ڕەخنە وزە بە بزووتنەوەی سۆشیالیستی دەبەخشێت و هەنگاوەکانی خێراتر دەکات، چونکە بیری سۆشیالیستی لە مەیین دەپارێزێت و شوێن بەو توخمە نامۆیانە لەناو بزووتنەوەکەدا لەقدەکات، کە بە نیازی دەستمۆکردنی بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان کنە دەکەنە نێوی، واتە چەپەکان و پارتە سیاسییەکانیان. ڕەخنەی سۆشیالیستی، گەر وێرانەکری ئەو ئایدیالیزمە نەبێ، کە سێبەری بەسەر بزووتنەوەکەدا کێشاوە، ئەوا ناتوانێت بۆ بنیاتنانی ئەو کۆمەڵگەیەی ئامانجییەتی هانمان بدات. هەر بۆیە ناکرێ مارکس لە دەرەوەی هەڵە و ڕەخنە دانێین. کەس ناتوانێ ڕۆڵ و کارایی مارکس وەک هزروانێکی سۆشیالیست، نکۆڵی بکات. بەڵام بۆ ئەوەی کە بۆچوون و تێڕوانینەکانی مارکس بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا و چێکردنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی دا جێگەی شیاوی خۆیان بەدەستبێنن، پێویستە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لێیان بڕوانین و ئەو پەیکەرە ئایدیالیستییە سەرومرۆییەی کە بۆ «کارڵ مارکس»یان درستکردووە، تێکبشکێنین و بیگێڕینەوە بۆ نێو کۆڕی خەباتمان، ئەو تێز و تێڕوانینانەی وی کە لەڕەوتی خەبات و لەتوێی ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمدا، وشکهەڵهاتوون، لەگەڵ خودی چەپدا فڕیاندەینە زبڵدانی مێژووەوە. ئاخر ڕێزلێنان لە کەسایەتی مرۆییانەی مارکس، ناتوانێت لە ڕێزلێنان لەو کارگەرە سۆشیالیستەی کۆمۆنەی پاریس زیاتر بێ، کە کاتێک دوا کۆڕی لەپێناو کۆمۆنەدا گیانی بەختدەکات، تەنیا شتێک شکی دەبات تا بیکاتە فیدای کۆمۆنەی مرۆڤایەتی، گیانی خۆیەتی. من هیچکات ناتوانم نە مارکس و نە هیچکەس لەسەروی کۆمۆنارە گیانبەختکردووەکان و ئەوانەی تا ئەوڕۆکە لەپێناو مرۆڤایەتیدا لەپیناو کۆمەڵگەی بێ چین و چەوسانەوەدا گیانبەخت دەکەن، دانێم و بەو ڕادەی هەڵوێست و کارکردی ئەوان شیاوی ڕەخنە و سەرکۆنە بێ، ئاوا مارکس و کارەکانی شیاوی ڕەخناندنن، واتە بمرێ کەسایەتی ئایدیالیستانەی مارکسی بەخوا کراو ، بەڕیز بێ مارکسی سۆشیالیست و ئازادیخواز.